# چریکەیەکی هۆشیار کردنەوە

# لەتێکەڵی و بەتەنها بونی

# ژن و پیاو

الخلوة الإختلاط

بسم الله الرحمن الرحيم

**پێناسەی مانەوە (الخلوە) :**

مانەوەی ئافرەت لەگەڵ پیاودا بریتییە لەمانەوەی ئافرەتی بێگانە (نامەحرەم) لە گەڵ پیاوی بێگانەو کۆبونەوە لەگەڵیدا بە تەنیا دور لەخەڵکی مەحرەمی خۆی . ئەم کردەوەیەش سیفەتێکی سەردەمی نەفامیە، وە یەکێکە لەتاوانەگەورەکان .

**ئافرەتی (مَحرم) کێیە ؟**

حەزدەکەم بە وردی بزانین ژنی (محرم) چییەوکێیە وە هەروەها ژنی (نامحرم) یش؟

**ژنی مەحرەم**: بەهەموو ژنێك دەگوترێت کە بە پیاو ناشێت و دروست نەبێت ژن و مێردایەتیان لەنێواندا بێت هیچ کاتێك هەتا هەتایە جا بەهۆی **ڕەگەز (نسب)** بێت یاخود **شیردان (الرضاعة)** یابەهۆی ژن و **ژنخوازی** (**المصاهرة**) بێت .

**أ- ئەوانەی بەپشت و ڕەگەز حەرام بن }المحرمات بالنسب{ئەمانەن :**

دایکان، کچان، خوشکان، پور ، خوشکانی دایك ،یا خوشکانی باوك ، کچانی براو کچانی خوشك ، واتە برازاو خوشکەزا .بە بەلگەی ئایەتی :

(حُرِّمَتْ عَلَيْكُمْ أُمَّهَاتُكُمْ وَبَنَاتُكُمْ وَأَخَوَاتُكُمْ وَعَمَّاتُكُمْ وَخَالاتُكُمْ وَبَنَاتُ الأَخِ وَبَنَاتُ الأُخْتِ) [1]

**ب-ئەوانەی بەشیر خواردنیش (الرضاعة) حەرام بن:**

وە حوکمی شیر خواردنیش (الرضاعة) هەمان حوکمی پشت و ڕەگەز (النسب)ە و هەروەك ئەوان حەرامن واتە هەر ئافرەتێك لەوانەی پێشوو کە بەهۆینەسەب حەرام بون ، لێرەشدا بەهۆی شیر خواردنەوە حەرام دەبن .

کەواتە ئەگەر کوڕێك لەکاتی شیرە خۆرەییدا شیری ئافرەتێکی خواردبێت

---

[1] (النساء: من الآية ٢٣)

پێنج جار ئەوە: ( ١ ) ئەو ئافرەتە شیر دەرە بۆتە دایکی و لێی حەرام دەبێت هەتاهەتایە ( ٢ ). وەهەروەها کچانی ئەم دایکەش دەبنە خوشکی ( ٣ ) وە خوشکانیشی دەبنە پوری ( ٤ ) وە پورانی ئەم دایکە شیر دەرەش لەهەر دوولای دایك وباوکی شیردەرە هەر حەرامن لێی ( ٥ ) وەکچانی براو خوشکی لە دایکە شیردەرەکەش هەمان حوکمیان هەیە ( ٦ ) وەدایکی شیر دەریش دەبێ بەنەنکی ( ٧ ) وەهەروەها دایکی مێردی دایکە شیر دەرەکەش هەر نەنکیەتی(٨) وەخوشکی مێردی شیردەریش پوریەتی (٩) وەهەر ئافرەتێك دایکە شیر دەرەکەی شیری دابێتێ لەو مێردەی یا لەمێردێکی تر هەردەبێتە خوشکی (١٠) وەهەر ئافرەتێکی تریش کە کچی مێردی دایکە شیردەرەکەی بێت ئەوە خوشکیەتی جا لەو ژنەی بێت کە شیردەرەکەیەتی یا لەژنێکی تر هەر یەکسانە .

وە بەڵگەش لەسەر ئەوەی کە شیر خواردن (الرضاعة)حوکمی نەسەبی هەیە: (وَأُمَّهَاتُكُمُ اللَّاتِي أَرْضَعْنَكُمْ وَأَخَوَاتُكُم مِّنَ الرَّضَاعَةِ)[2] .

[2] (النساء: من الآية٢٣)

**هەروەها لەحەدیسی صەحیحدا هاتووە کە: (يحرم من الرضاع مايحرم بالنسب)[3] کەواتە بۆ مان دەرکەوت کە ئەو کوڕەی شیری ئافرەتێکی خواردووە ئەوە بووەتە کوڕی ئافرەتەکە وەك کوڕی دایك لە ڕوانگەی حەڵاڵ وحەرامی .لەبەرئەوە هەر ئافرەتێك لەکوڕی دایکەکە حەرام بێ ئەوە لەو کوڕە شیر خواردووەوەش حەرامە.**

**ج- بەڵام ئەوانەی کەبەهۆی ژن و ژنخوازیەوە (المصاهرة) حەرام دەبن بریتین لە :**

( ١- ژنی باوك واتە زڕ دایك ، ٢-ژنی کوڕ ٣- دایکی خێزان واتە خەسو ئەمەیان لەگەڵ مارە بڕینی کچەی حەرام دەبێت ٤- کچی ژنتان لە مێردێکی تر.-ئەوەیان بەمارەکردن حەرام نابێت تا دایکی نەگوازرێتەوەو نەچێتەلای ).(وَلَا تَنكِحُوا مَا نَكَحَ آبَاؤُكُم مِّنَ النِّسَاءِ إِلَّا مَا قَدْ سَلَفَ إِنَّهُ كَانَ فَاحِشَةً وَمَقْتًا وَسَاءَ سَبِيلًا)[4] .(وَأُمَّهَاتُ نِسَائِكُمْ وَرَبَائِبُكُمُ اللَّاتِي فِي حُجُورِكُم مِّن نِّسَائِكُمُ اللَّاتِي دَخَلْتُم بِهِنَّ فَإِن لَّمْ تَكُونُوا دَخَلْتُم بِهِنَّ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ وَحَلَائِلُ أَبْنَائِكُمُ الَّذِينَ مِنْ أَصْلَابِكُمْ)
(النساء: من الآية٢٣)

[3] متفق علیه ، بخاري ٢٦٤٥

[4] (النساء:٢٢)

**ئافرەتی (نا مەحرەم) بێگانە کێیە؟**

ژنی بێگانە (غیر محرم) بۆ پیاو بریتیتن لە کچی پور ، خوشکی دایك بێت و چ خوشکی باوك بێت، کچی مام واتە ئامۆزا کچی خاڵ واتە خاڵۆزا، ژنی مام (ئامۆژن) ژنی خاڵ(خاڵۆژن) ،ژنی کوڕی براو کوڕی خوشك (خوشکەزا وبرازا)، خوشکی ژن ، ژنی برا (براژن)، کچی برادەرو ژن وکچانی دراوسێو..هتد،بەم پێیە تادوردەکەوێتەوە

**بەڵگەی حەرام بونی تێکەڵی و تەنهابون لەگەڵ ئافرەتی نامەحرەم**

بەڵگە لەسەر حەرامی مانەوەو تێکەڵ بوون بەئافرەتی بێگانە زۆرن وەك:

(١) ئەو فەرمودەیەی کە ( ابن عباس ﵁) بۆمان دەگێڕێتەوە ودەڵێ :گوێم لە پێغەمبەر ﷺ بوو دەیفەرموو (لايخلون رجل بامرأة إلاّ معها ذو محرم)[٥].

واتە بەهیچ شێوەیەك دروست نیە پیاوو ژنی بێگانە بەیەکەوە بمێن نەوەو کۆببنەوە لەشوێنێکدا کەئافرەتەکە کەسی (محرم)ی خۆی لەگەڵدا نەبێت .

(٢) وەلەعامری کوڕی ڕەبیعەوە ﵁ کە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی : (ألا لايخلون رجلٌ بامرأة إلاّ كان ثالثهما الشيطان)[٦]

واتە ئاگادار بنەوە " هیچ پیاوێك بەتەنها نامێنێتەوە لەگەڵ ئافرەتێکی نا محرم "چونکە گەر ژن و پیاوێکی بێگانە بەیەکەوە وەستان شەیتانی نەفرەت لێ کراو یەکسەر دەبێتە سێیەم کەسیان

جا ئەمە هەموو پیاوێك دەگرێتەوە چ پیاو چاك و مامۆستا و بانگەوازیکار چ پیر ، هەروەك هەموو ژنێك دەگرێتەوە چ ژنی چاك و چ پیرەژن دروست نییە بەیەکەوە وەمێنن .

(٣) وەلەجابرەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی ( من كان يؤمن بالله واليوم الآخر فلا يخلون بامرأة ليس معها ذو محرم منها ،فإن ثالثهما الشيطان ).

واتە هەرکەسێك باوەڕی بەخواو بەڕۆژی دوایی هەبێت با هەرگیز لەگەڵ ئافرەتی بێگانە کۆنەبێتەوە کەمەحرەمی خۆی لەگەڵدا نەبێت ، چونکە لەو کاتەدا شەیتان سێیەم کەسیان دەبێت .

(٤) وە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی :

---

[٥] وە ئەلبانی لە (غاية المرام في تخريج أحاديث الحلال والحرام )ل١٠٦بەم شێوە هێناویەتی (لا يخلُ أحدكم بامرأة إلا مع ذي محرم ) صحيح أخرجه البخاري (٤٥٣/٣) ومسلم (١٠٤/٤) واحمد (٢٢٢/١)

[٦] صحيح ،أخره احمد (٤٤٦/٣) من حديث عامر بن ربيعة ﵁ مرفوعاً بمعناه ،وأما اللفظ فهو عنده (٣٣٩/٣)من حديث ابي رضي الله عنه ،وله عنده (١٨/١، ٢٦) شاهد من حديث عمر رضي الله عنه ،وصحيحه الحاكم (١١٤/١) ووافقه الذهبي وهو كما قال / الألباني غاية المرام (١٠٦/١٠٥)

(لا تَلجوا على المغيبات ،فإن الشـيطان يجري منِ أحدكم مجرى الدم )[٧].

واتە مەچونە ژووری ئافرەتانێــك کـە مێردەکانیان لەماڵ نین و چونە سەفەر یا لەهەر شـوێنێکی تـربن .چـونکە شـەیتان بەڕێگەی خوێندا دەچێتە نـاو لەشـتان و زەللەتان پێ دەکات .

وە لەبەرئەوەی خزمایـەتی ڕێگەیـەکی ئاسان کارو ڕێ خۆشکارە بـۆ کۆبونـەوە لەگەڵ ژندا .وەك ئامۆزاو خالۆزاو براژن و ئـامۆژن و ...هیتـد بۆیـە پێغەمبـەر ﷺ لەمــە ئاگادارمــان دەکاتــەوە کەئــەو تێکەڵیو مانەوەو کۆبونەوە دەروازەیەکە بــۆ چــونەژورەوەی شــەیتان وڕێژگــەی بۆگەن بون وخراپەکاری [٨] .

٥- هەر لەعوقبەی کوڕی عامر (ڕەزای خوای لێ بێت )دەگێڕنەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویـەتی (إياكم والدخول على النساء ،فقال رجل من الأنصار ، يارســول الله! أفـرأيت الـحمو؟ قال: الحمـــــو الموت )[٩] .

بەواتای: ووریابن هەرگیز لەگەڵ ژنانی بێگانـــەدا کۆمەبنـــەوە، یـــەکێك لـــە ئەنصـاریەکان ووتــی ئــەی پێغەمبــەری خوا، ئەی بۆ ماڵـە خـەزوران (الحمـــو). (بـرای مێـرد ، ئـامۆزای مێـرد، خـالۆزاو پورزا) دەڵێی چی ؟ فەرمووی ئەوە هەر مردنە! واتە مردن باشترە .

پێغەمبـــەر ﷺ ئەمـــەی بـــۆ ڕون کردوینـەوە کـە هۆیـەکی سـەرەکیە بـۆ بۆگــەن بــوون و پــیس بــوونی ژیــان و شارەسـتانیەتی مـرۆڤ و دای دەتـەپێنێ، وەك چـۆن مـردن لاشـەی مـرۆڤ بۆگـەن دەکات ودایدەڕزێنێ .

أُبّي- ڕەحمەتی خوای لێ بێت - فەرمویەتی: (با ئافرەت خۆی لەمانەوە (الخلوة) و تێکەڵی پیاو دوربخاتەوەوخۆی دوچاری ئەو داوە بۆگەنە نـەکات، هەرچـەند بـۆ ماوەیـەکی زۆرکورتیش بێـت، بەتایبـەتی لـە کـات و

---

[٧] مسلم (٢١٧٣)

[٨] ئیسـتا لـەناو زۆربـەی کۆمـەڵانی خـەڵکی هـیچ لا لـەم بـارەوە ناکرێتــەوەو گوێشــی پــێ نــادەن ،وە کــە یــەکێك بەحەرامی بزانێت بەتەنیا لەماڵەوە دابنیشێت لەگەڵ براژنـی خۆیـدا ئـەوە بـەکارێکی نـامۆی دەزانـن . کەچـی هـەر لـەم ساڵانەدا زۆر شتی سەیرو دڵ تـەزێنڕوی داوە بـەهۆی تـەنها مانـەوەی ژن و پیـاو لەگـەڵ یـەکتری! ! ئەگـەر کـەمێك لا لـەقورئان فـەرمودەکانی پێغەمبـەر ﷺ بکەینـەوە بـەدەیان دەقمان دەست دەکەوێت کـە مانـەوەو تێکـەڵی لـەکاتێك دا لەئافرەتدا بەولاوە کەس لەماڵ نـەبێت حـەرام دەکـات هـەر لەشوبراو برازای مێردو ئـامۆزا ، ئـامۆژن و خـالۆژن تابـەرەو ژورو حەرامەو مردن چاکترە .

[٩] صحيح أخرجه البخاري (٤/٤٥٣) ومسلم (٧/٧) وكـــذا الترمذي (١/٢١٩)والدارمي (٢٧٨) من حديث عقبة بن عامر أن رسول الله ﷺ قال : (فذكره وزاد مسلم عن الليث بن سعد قال:(الحمو أخ الـزوج:واتـە بـرای مێـرد خزمـەکانی مێـرد لـە شوبرا بەپشتەوەوەك ئامۆزاو ئەوانە ٠٠ الألباني ،غاية المرام.

سەردەمێکی خراپی وەك ئەمرۆدا، چونکە ئەمین و ئەمانەتی هەرگیز نەماوە یاخود زۆر دەگمەن و کەمە هەروەها ئافرەت فیتنەو تاقی کردنەوەیەکی سەختە بۆ پیاوان، چونکە پیاوان کەم وا هەیە خۆ پارێزی بکەن لەمەیل وشەهوەت و ئارەزو بەرامبەر ئافرەتان، تەنها ئەو ئافرەتانە نەبن کەبەهۆی ڕەگەز (نەسەب)ەوە حەرام بوون و خوای گەورە وای کردووە ئارەزوی پیاویان بەلادا ناچێت و لێیان ڕادەکات وەك خوشك و دایك وکچ.و...

حیکمەتیش لەحەرام بونی مانەوەی پیاو و ژن بەیەکەوە نەهێشتنی بڕو بیانوە لە خراپەو خراپەکاری و نزیك نەبونەوە لێی و دور وەستان لەسنوری گوناح و خراپەکاری :( تلك حدود الله فلا تقربوها ) ئەمانە سنورەکانی خوای گەورەو هەرگیز لێی نزیك نەکەونەوەو سنورەکانی خوا نەبەزێنن

**تێکەڵی ﴿الإختلاط﴾ چیە؟.**

**تێکەڵی**: بریتیە لە پێکەوە بونی ئافرەتی بێگانە لەگەڵ پیاوی بێگانە و مانەوەو کۆبونەوەیەك، کە دەبێتە هۆی گومان و دڵ کرمێ بون بەرامبەریان.

یا بریتیە لەکۆبونەوەی ژنان و پیاوانی بێگانە لە شوێنێك دا، کە بتوانن تێی دا قسەو گفتوگۆ بکەن و بدوێن یا ئیشارەت و ڕازو نیازیان بۆ یەکتری بەبێ بونی هیچ پەردەو بەربەستێك کە لەگومان و خراپەکاری بیان پارێزێت .

## بەڵگەکانی خراپی و ڕیسوایی تێکەڵ بون چین ؟

**یەکەم : بەڵگە لەقورئانی پیرۆزەوە**

١- (وَقَرْنَ فِي بُيُوتِكُنَّ وَلا تَبَرَّجْنَ تَبَرُّجَ الْجَاهِلِيَّةِ الأُولَى)[١٠] .

واتە لەماڵەکانی خۆتان ئۆقرەو ئارام بگرن و بمێننەوە ، با بۆ غەیری مێردی خۆیان خۆ نەڕازێننەوە و ئاوا خۆڕوت نەکەنەوە .باوەك ئافرەتانی سەردەمی نەفامی یەکەم بەرەلا نەبن و خۆ نەڕازێننەوە و لەگەڵ پیاوانی بێگانەدا نەمێننەوە وتێکەڵ نەبن دیارە باشترین پەردەو پۆشاکیش بۆ پاراستنی حەیاو شەرەف و کەسایەتی و جەوهەری ئافرەت و بەرز ڕاگرتنی مرۆڤایەتیەکەی و پاراستنی وەچەی مرۆڤایەتی بە پاك و خاوێنی ماڵەکەی خۆیەتی .

٢- (وَإِذَا سَأَلْتُمُوهُنَّ مَتَاعاً فَاسْأَلُوهُنَّ مِنْ وَرَاءِ حِجَابٍ ذَلِكُمْ أَطْهَرُ لِقُلُوبِكُمْ وَقُلُوبِهِنَّ)[١١] .

[١٠] ( الأحزاب: من الآية٣٣)

واتــە: ئەگــەر داوای قــاپ و قاچــاغ و پێداویســتی ڕۆژانــەتان لــە خێزانــەکانی پێغەمبەرﷺ کرد لەدوای پەردەوە داوایان لێ بکەن و ڕو بەڕو مەبن ، لەدوای پەردە داوابکەن چونکە ئەمە بۆ دڵی ئێوە و ئەوانیش پاکترە و بێ کێشە ترە !.

ئەمە هەرچەند ڕوبەڕوی خێزانەکانی پێغەمبەرە ﷺ بەلاّم هەموو ئافرەتانی موسوڵمانانیش دەگرێتەوە ، تا دنیا خراپ دەبێت ئەم حوکمە لەناو کۆمەڵی موسوڵمانان پێویستە ئیشی پێ بکرێت .

**دووەم: لەسوننەتی پێغەمبەرەوە ﷺ :**

**(١)فەرمودەی پێغەمبەرﷺ :**

(المرأة عورة ، فإذا خرجت استشرفها الشيطان ، وأقرب ما تكون بروحة ربها وهي في قعر بيتها))[12] .

واتە ئافرەت هەمووی لەشی عەورەتە، ئەگەر لەماڵ دەرچوو شەیتان دوای دەکەوێت شوێنی هەنگاوەکانی هەڵ دەگرێت ، داخۆ لەکوێ دەتوانێ لە خلیسکی بەرێت، یاپیاوانی پێ گوناهبار بکات ، باشترین و ئارام ترین شوێنیش کەئەمین وئەمان بێت ولەپەنای خوادا بمێنێتەوە ماڵەکەی خۆیەتی .

٢- وە لە باوکی أسید مالیکی کوڕی ربیعەوە ﷺ گوێی لەپێغەمبەر بوو ﷺ کە دەچووە دەرێ لە مزگەوت، وە ژنان و پیاوان لەسەر ڕێگا تێکەڵاو ببون ، فەرمووی: (استأخرن، فليس لكن أن تحققن الطريق، عليكن بحافات الطريق، فكانت المرأة تلصق بالجدار ، حتى إن ثوبها ليتعلق بالجدار من لصوقها به ))[13] .

واتە: پێغەمبەر ﷺ بەئافرەتانی دەوت لەسەر خۆبن، خۆ وەلا نێن، بۆ تان نیە پانایی ڕێگا بگرن، بەلاڕێدا بڕۆن. جاژنان خۆیان لاداو خۆیان بەدیوارەوە دەنوساند تاوای لێ دەهات جلەکانیان بە دیوارەوە دەنوساو دیواریان دەگرت لەنزیکیان.

٣-هەر وەها لەریوایەتی (أبو هريرە) دا هاتووە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی:

( ليس للنساء وسط الطريق) واتە: ژنان بۆیان نیە بەناوەندی ڕێگادا بڕۆن .

٤-وەپێغەمبەر ﷺ دەرگایەکی تایبەتی بۆ ژنان کردبۆوە کە پێی دا دەچونە ژورو دەهاتنەوە دەر، پیاوان بۆ یان نەبوو بەو دەرگایەدا بچنە ژورو تێکەڵ نەدەبون لە گەڵیاندا و هاوبەش نەبوون-ئەوەتە لە نافعەوە ئەویش لە (ابن عمر)ەوە ڕەزای خوایان لێ بێت دەگێڕنەوە کە پێغەمبەر

---

[11] (الأحزاب: من الآية٥٣)

[12] الترمذي ٢١٩/١-٢٢٠، إرواء الغليل ٢٧٣

[13] صحيح سنن أبي داؤد ٥٢٧٢ (حسن)

ﷺ فەرمووی}لو تركنا هذا الباب للنساء ؟{[١٤] واتە شتێکی باش بوو ئەگەر ئەم دەرگایەمان بۆ ژنان جێ هێشتبا . جانافع دەڵێ: عبد الله ی کوڕی عمر لەو ڕۆژەوە هەتا مرد بەو دەرگایەدا نەچۆوە ژوری مزگەوت ! ![١٥] .

وە ئەگەر ژنان لە ڕیزەکانی دواوەبوان لە مزگەوت ، ئەوە پیاوان بە ئیمام و بە مەئمومەوە لەسەریان بوو دوای سەلام دانەوەیان لەشوێنی خۆیان هەڵ نەستن و نەچنە دەرەوە تاژنان دەڕۆن ودەگەنەوە ماڵ، بۆ ئەوەی تێکەڵیو بەیەك گەیشتن لە نێوان پیاوان وژنان ڕونەدات، ئەگەر بێ مەبەست و بێ نیازیش بێت .

٥–وە(أبو داود) لە(سنن)ەکەیدا لە ژێر سەر دێڕی} باب انصراف النساء قبل الرجال من الصلاة{ دا فەرمودەیەك دەگێڕێتەوە کە}أم سلمة{ ڕەزای خوای لێ بێت وتویەتی : ( كان رسول الله ﷺ إذا سلم مكث قليلا وكانوا يرون ذلك كيما ينفذ النساء قبل الرجال)[١٦] . وەنەجاریش ڕیوایەتی کردوە . واتە پێغەمبەر ﷺ کاتێك سەلامی دەدایەوە کەمێك ڕادەوەستاو دەمایەوە، بۆ ئەوەی ژنان لە پێش پیاواندا بچنە دەرو تێکەڵی ڕونەدات.

٦–ابن شهاب – ڕەحمەتی خوای لێ بێت – ووتی: (ئەمە بۆ ئەوە بوو _ئەگەر بۆچونەکەمان وابێ خواش لەهەمووان باشتر دەزانێت– تا ژنان پێش پیاوان بڕۆنە دەرو پەلەبکەن پێش ئەوەی پیاوان لەجێگای خۆیان هەڵبستن و بچنەدەر ). وە فەرمودەیەکیشمان لە (أم سلمة) وە ڕەزای خوای لێ بێت بۆ دێنێتەوە کە: } كان يسلم فينصرف النساء فيدخلن بيوتهن من قبل أن ينصرف رسول الله ﷺ { .

واتە:پێغەمبەرﷺ سەلامی دایەوە و ژنان یەکسەر دەستیان دەکرد بەچونە دەرەوەو مزگەوتیان بەجێ دەهێشت و دەچوونەوە ماڵ و دوای ژنەکان ئەمجار پێغەمبەر ﷺ لەجێگەی خۆی هەڵ دەستاو لە مزگەوت دەچووە دەر .

٧– النسائي ڕیوایەت دەکات و دەڵێ : (ژنان ئەگەر سەلامیان دەدایەوە و دەڕۆیشتن پێغەمبەریش ﷺ لەشوێنی خۆی هەڵ نەدەستا، پیاوانیش چەندیان بویستایە دوعاو پاڕانەوەو تەسبیحات و نوێژیان دەکرد، کەپێغەمبەر ﷺ هەڵ دەستا، پیاوانیش هەڵ دەستان ).

وە (الحافظ ابن الحجر) ووتویەتی :(ئەو فەرمودە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەتێکەڵ

[١٤] صحيح سنن أبي داؤد٤٦٢
[١٥] صحيح سنن أبي داؤد٤٦٤
[١٦] صحيح سنن أبي داؤد١٠٤٠

بوونی ژنان بەپیاوانی بێگانە لەسەرجادەو ڕێگاو کۆڵانەکان و بازاڕەکانیشدا هەر ناپەسندو باش نییە، واتە (مکروه)ە چ جای ناو ماڵانیش .

٨- وەلە (أم حميد الساعدية)وە کە چووەتە لای پێغەمبەر ﷺ پێی ووتوە : (ئەی پێغەمبەری خوا حەزدەکەم نوێژ لە گەڵ تۆدا بکەم)٠ ئەویش فەرمووی:( قد علمت أنك تحبين الصلاة معي، وصلاتك في بيتك خيرٌ لك من صلاتك في حجرتك، و صلاتك في حجرتك خيرٌ لك من صلاتك في دارك، وصلاتك في دارك خيرلك من صلاتك في مسجد قومك، وصلاتك في مسجد قومك خير لك من صلاتك في مسجدي )٠[١٧] واتە : بەدڵنیایی زانیم کە حەزدەکەی نوێژ لەگەڵ مندا بکەی، بەلاَم نوێژ کردنت لەژورەکەی خۆتدا خێر ترە لەنوێژ کردنت لەخانوەکەی خۆتدا، وە نوێژ کردنت لەخانوەکەی خۆتدا خێر ترە لە نوێژ کردنت لەمزگەوتی گەڕەکەکەتدا، وەنوێژ کردنت لەمزگەوتی گەڕەکەکەی خۆتدا خێر ترە لە نوێژ کردنت لەگەڵ منداو لەم مزگەوتەی من دا .

٩-وەلە عبدالله ی کوڕی عومەرەوە ڕەزای خوایان لێ بێ پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی (لا تمنعوا النساء أن يخرجن إلى المساجد، و بيوتهن خير لهن )[١٨] واتە:ژنان قەدەغەمەکەن لە چونیان بۆ مزگەوت، بەلاَم ماڵەکانیان بۆ ئەوان باشترو خێر ترو سەلامەت ترە.

١٠- وەلە (أبو هريرە)وەڕەزای خوای لێبێ کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی:

(خير صفوف للرجال أولها وشرها آخرها، وخير صفوف النساء آخرها وشرها أولها)[١٩]

واتە: باشترین ڕیزی پیاوان یەکەمیانە خراپترینیشیان دوایەمیانە،باشترین ڕیزی ژنانیش دوایەمیانەو خراپترینیشیان یەکەمیانە، لە مزگەوتێکدا کە ژن و پیاو نوێژی تێدا بکەن بەجەماعەت .

ئەمانە هوموویان لە بواری بەندایەتی و نوێژکردندا بون کەباسمان لێوەکردن،کە بابای موسوڵمانان چ پیاو چ ژن لەو حاڵەتانەدا زۆر خۆی دوردەگرێت لە خوت خوتەو زەلەی شەیتان ومەکرو حیلەکانی ئەی دەبێ لەبوارەکانی تری ژیاندا کە ڕۆژانە لەکاروبارەکاندا هەمیشە وێک دەکەن دەبێ چۆن بێت ؟!

١١- وە ( ابن عباس )ڕەزای خوای لێبێ گوتی : (لەنوێژی جەژنی ڕەمەزان

[١٧] رواه احمد ٢٦٥٥٠

[١٨] بخاري /٩٠٠ و مسلم/٤٤٢

[١٩] مسلم/٤٤٠

لەگەڵ پێغەمبەرو أبوبکرو عمرو عثمان دابوم نوێژەکەیان پێش خوتبە خوێندەوە کرد، ئینجا دوایی خوتبە خوێندرایەوە و پێغەمبەر ﷺ دەرچو دیتم کاتێ پیاوانی بەدەستی خۆی دادەنیشاندنەوە، وخەڵکەکەی دڕ پێ دەدا تا ئافرەتان تێ بپەڕن و بچنە دەرو لەگەڵ پیاواندا تێکەڵ نەبن و نەیکەن بەهۆسە ) وەلەڕیوایەتی موسلم دا هاتوە دەڵێ ( يُجَلِّسُ الرجال بيده) واتە بەدەستی خۆی پیاوانی دادەنیشاندنەوە بە ئیشارەت وەخەڵکەکەی دڕ پێ دەدا تائافرەتان تێ پەڕبن و بچنەدەرو لەگەڵ پیاواندا تێکەڵ نەبن .

## } هەڵوێستی هاوەڵان لەم بارەیەوە {

هەروەها ئافرەتانی صەحابە رضي الله عنهم خۆیان زۆر ئاگاداری تێکەڵ بوون دەبوون لەگەڵ برایانی صەحابەدا ، هەتاوەکو لەمزگەوتە هەرەقەڵە باڵغ و لەکاتە هەرە قەڵەباڵغەکانیش و لەکاتی ڕێو ڕەسمی حەج کردندا و لە (المسجد الحرام) دا ئەمەیان ڕەچاو دەکرد .

١ - دایکی بڕواداران ڕەزای خوای لێ بێ لەکاتی تەواف کردنیدا خۆی لەپیاوان جیا دەکردەوە و کراسێکی لەبەر دەکردو لەگەڵیانا تێکەڵ نەدەبوو ئافرەتێك پێی ووت :

(انطلقي نستلم يا أم المؤمنين )

واتە خێراکە ، پەلەکە بەرەو بەردە ڕەشەکە دەرچۆ با دەستی لێبدەین، وەلامی دایەوەو وتی :(إنطلقي عنك) واتە بۆ خۆت بڕۆ. پێی ناخۆش بوو ڕازی نەبو نەچو تا لەگەڵ پیاواندا تێکەڵ نەبێت .

٢- وەلەسەردەمی پێغەمبەردا لەکاتی چونە ژورەوەی کەعبەی پیرۆزدا ژنەکان ڕادەوەستان تاپیاوەکان دەهاتنە دەر ، ئەنجا ئەوان دەچوونە ژور.

٣-ئافرەتێك هاتەلای عائیشە و ووتی :

(ئەی دایکی بڕواداران ،حەوت جار بەدەوری کەعبەدا سوڕامەوەو دوسێ جاریش دەستم لەبەردەکەدا )(عائیشە پێی وت :( خوا پاداشتت نەداتەوە، خوا پاداشتت نەداتەوە" ئەوە پاڵە پەستۆو شان بەشانت لەگەڵ پیاواندا کرد.بۆچی تەنها(الله أكبر)ت نەدەکردوتێ نەدەپەڕیت؟.

٤-وەلە (إبراهيم النخعي) یەوە دەڵێ (عومەر رضي الله عنه نەی دەهێشت پیاوان لەگەڵ ژناندا تەواف بکەن ) .

هـەروەها دەڵـێ جارێکیـان پیـاوێکی لەگەڵ ژناندا دیت تەوافی لەگەڵ دەکردن .إمامی عمر بەدار یا بەقەمچی لێی دا ) .

خــوای گـــەورە نوێــژی جومعـــەو جەماعەتی لەسـەر ژنانـدا لاداوەو لـەبری ئەوە جیهادی ئـەوانی کردوە بـە (حـــج مـــبرور ) حـەجێکی مـەبرور.:چـونکە باشـترین حاڵـەت و حەوانـەوەی ئـافرەت ئەوەیە کە لە نێو ماڵی خۆی دابێت.

## لە بەرهەمەکانی تێکەڵی

ئیمـامی }ابن قيم الجوزية{ ڕەحمـەتی خـوای لێ بـێ دەڵــێ : (هــاری کـاریەو سازاندن و ڕەخساندنی مانەوەو تێکـەڵاو بونی ژن و پیاو بنچینەو بنـەماو سـەری هەموو شـەڕو بـەڵاو ئاشـوبێکە و دەبێتـە هـۆی داڕزان و بۆگـەن کردنـی کۆمـەڵ ، یەکێکیشـە لەهـەرە گـەورەترین هۆکـانی هاتنە خوارەوەو دابەزینی سزا }العقاب{ گشتییەکان بۆ سەر هەموو گرۆهی مـرۆڤ لەســەر زەوی ) هەروەکــە یەکێکــە لــە هۆکارەکـانی بۆگـەن بـوونی کـارو بـارە گشتییەکان و تاکییەکانی مرۆڤ . تێکەڵ بـــوونی پیــــاوو ژن دەبێتــــە هـــۆی ســـەرهەڵدانی کـاری خـراپ و زینـا کـە ئـەمیش هۆیـەکی سـەرەکیە بـۆ مردنـی کۆمەڵ و داهێنران و لەناو چون ، دەبێتە هۆی دابەزینی دەردو بـەڵاو تاعونـە یـەك لەدوای یەکەکان (الطرق الحكمية).

سەربارەی ئەمانـەش دیاردەی تـەڵاق دان زۆر دەبێـــــت، خۆڕازاندنــــــەوەو جوانکاری و ڕوت و قوتی پەیدا دەبێـت. حــەیاو نـاموس کزدەبێـت و نامێنێـت ، ئــەخلاق دادەڕزێو نـامێنێ ، چــاوەکان بـــەرەڵا دەبـــن و نـــاگیرێن و نـــەزەر زۆر دەبێـت و زینـای چـاو ئاسـان دەبێـت! ، وەهۆیەکە بۆ بڵاو بونەوەی بەڵای ئـەوین و حەز لێکردن و دڵداری کـە دیـن و دنیـا دەسوتێنێ . چۆن ئـاگر پـوش و پـەڵاش دەسوتێنێ .

## کەواتە ئەی سەر پەرشتیارانی ژنان وخوشکان و کچان بیربکەنەوە

شەرم بکەن و باش تێرامێنن، سبەینێ ئێوەلەبەر دەم پەروەردگاردا ڕادەگیرێن و دڵنیابن لێتان دەپرسـرێتەوە بەرامبـەر بـــەو هـــەموو گونـــاح و تـــاوان و ســـەر پێچــیانەی کــە کــچ و ژن و ئافرەتانتـــان دەیـان کـەن ، ڕۆژانـە لـەڕوتیو قـوتی و خۆڕازاندنەوەو خۆ بۆن خۆش کردنەی بۆ غــەیری مێـردی خۆیـان دەی کەن،هــەر بەرامبـەر بـەو تێکـەڵ بـوون و مانـەوەی ئــافرەت لەگــەڵ پیاوانـدا دەیکـەن بـێ

ئـەوەی ئاگاتـان لێـیان بێـت . هـەروەك پیاوانیش خۆیان لەو گوناحانە بەشدارن.

ئەوەتە ڕەسولی خوا ﷺ دەفەرموێ:

(الرجل راع على أهله وهو مسئول عن رعيته )[٢٠] واتە : پیاو بەر پرسیارە لەسەر خـــاوو خێزانـــی و هـــەموو ئەنـــدامانی خێزانەکەی و لێی دەپرسرێتەوە چونکە ئەو شوان و سەر پەرشـتیارو بـەر پرسـە لەبەرامبەریاندا .

**وریابنەوە** : تێکەڵی و تەنهابونی ژن و پیـــاو سەردەکێشـــێ بـــۆ خـــراپ تـــر ودواڕۆژێکی تاریك و... ! !

**بـــاش بـــزانن**:کـــە خۆداپۆشـــین و خۆپاراســتن دوو پاڵپشــتی گــەورەن بــۆ پاراســتنی ڕووســـور یـــەتی و شـــەرەف وناموسی مرۆڤ،وە ڕێز گرتن ونەشکاندنی ئەو بەربەست و سنورانەی ئاینی پیرۆزی ئیســـلام داینـــاوەبۆ ئـــەو پەیوەندیـیـــە ڕەگەزیانەی نێوان پیاو ژن، کەبریتین لـە بـەهێز تـرین زمانـەی پاراسـتن (صـــمام الأمان) بۆ بلاو بونـەوەی ئاشـوب و سـەر شۆڕیو نامەردیو داوێن پیسی .

**وریابن** سەیر کردنی فلیمی ڕووت و بێ ئـــابڕویی لـــە تەلـــەفزیۆن و کەناڵـــە هەوایەکان و ڤیـدیۆ سـیدی.. .بەلایـەکی گەورەن کە ژنانتـان ، کچـانتان،کوڕانتان بەگەنج وپیرە وە بـەرەو ئاشـوب وفیتنـە جڵەوکێش دەکات و ئابڕو و ئیمانتان بـێ هێـز دەکـات وە دەربـارەی ئـەو هـەموو ئامێرانە گوتراوە: تەنها بیستنی ئەو شتە خراپانـە دەبنـە هـۆی بـەهیلاك چـوون و ئیمـان و حـەیا لەدەسـت چـوون .ئـەی کەواتــە دەبـێ شـەڕی بیسـتن و بیـنین بەیەکەوە چۆن بێت.

دەی موســـــــولمانان کچـــــــان و خێزانـەکانتان و خوشـکانتان بپـارێزن و کەم تەرخەمی مەکەن، با نەکەونـە بـەر قەپالی برسیو شـەڕواڵ پـیس و پیـاوانی بێگانـە بـاوەك پلنگـی برسـی لرفیـان نەدەن:

إن الرجال الناظرين إلى النساء
مثل السباع تطوف باللحمان .
إن لم تصن تلك اللحوم أسودُها
أكلت بلا عوض ولا أثمان .

واتـە: ئـەو پیاوانـەی تەماشـای ژنـان دەکەن وەك ئەو دڕندانە وان کەشالاو بـۆ نێچـیرە کانیـان دەبـەن و بەدەوریانـدا دەخولێنەوە و دەم لە کەلاکیان دەخەن. ئەگەر پاسەوانە کان ئەو نێچیرو گۆشتانە لەچـنگی دڕنـدە کـان نـەپارێزن.لـرف دەدرێـــن و بـــێ بەرامبـــەر وبـــەلاش دەخورێن.

[٢٠] بخاري ٨٩٣

جا ئەگەر ئەم شەرەف و ناموسە بەم قەلا و شورانە واتە (خۆداپۆشین و پۆشاکی خۆ پاریزی لەتێکەڵی) نەپارێزرێن چاك بزانن بە هەزاران دیوارو بەر بەست ناپارێزرێن و لە بەردەم ئەو هەموو شالاوە تێکشکێنەرانەدا خۆناگرن و دەڕمێن و دەڕوخێن وگورگ و مەڕ تێکەڵ دەبن ئەو کات گریان وخەفەت ودادو هاوارو لەچۆك خۆدان نایان گێڕێتەوە و پەشیمانی سودی نییە ، (دوای شکانی دەست پەکو پەکو بایەخی نییە) .

خەتاو لۆمەو سەرزەنشتی سەرەتاو کۆتاییش هەر بۆ سەرپەرشتیاری کچانە کە بەدەستی خۆی پەتی خراپی لە نێوان کچی خۆی و پیاوی بێگانە دا ڕایەڵ کردوە و جڵەوی بۆ کچەکەی یا خوشکەکەی یا خێزانەکەی شل کردوە .

أتبكي على لبنى وأنت قتلتها.
لقد ذهبت لبنى فما أنت صانع ؟

ئەوە بۆ کچەکەت دەگریت لە کاتێکدا کە خۆت کوشتت
بەڕاستی کچەکەت ڕۆیشت بەلام تازە تۆ چ دەکەیت ؟.

نعب الغراب بما كرهـ...ت،ولا إزالة للقدر
تبكي وأنت قتلتها ... اصبر، وإلا فانتحر

واتە ئەوە تۆ دەگریت لەکاتێکدا تۆ خۆت کوشتوتە ! گریان دادت نادات جا یاسەبر بگرە لەسەر ئەو شورەیە ئەگینا خۆت لەناو بەرە ! .

**کارەساتە سەرشۆڕکەرو دڵ تەزێنەکانی تێکەڵی و تەنها بون شاهیدن**

کەشکۆڵی توێژەرەوان ولێکۆڵەرەوان پڕیەتی لەدیاردە دزێوەکانی تێکەڵی ومانەوە، کارەساتی دڵ تەزێن، سەرشۆڕی وحەیابەرەی سوك و ڕیسوایی، ناوزڕاوی وا کە دڵ ئەقڵ و مێشکی مرۆڤ لەکار دەخەن و چەپۆکێکی بەهێزن لەڕوی هەموو ئەوانەی دیفاع لەتێکەڵی دەکەن و بیانوی بۆ دەهێننەوە و شەرعییە تی پێدەدەن و دەمەقاڵێ دەکەن لە سەری، دوای ئەوەی ڕاستیەکان ڕون و ئاشکرا دەبن.

سەر ژمێری لەو وڵاتانەی کە تێکەڵی و بەرەلایی پیاو و ژن تێیاندا شتێکی ئاسایییە پەردەی لاداوە لەسەر مەترسی ئەو هەموو تێکەڵییە بۆ دین و دونیا.

وآخر دعوانا
(أن الحمد لله رب العالمين)